# مەریوان قسەکان هەڵئەگێڕێتەوە

کاروان

ماوەیەکە هەندێ کەس بەناوی نوسین و رەخنە بەمیزاج و ئارەزوی خۆیان قسە هەڵئەگێرنەوەو ناوی ئەنێن نوسین، من ناچمە سەر هەمو بابەتەکان، تەنها قسە لەسەر نوسینێکی مەریوان هەڵەبجەیی دەکەم کە لەسەر ووتارەکەی بەرێز مام جەلال لە بەردەم پەرلەمانتارانی کورد لەئێراندا کردبووی، من مەبەستم تەنها هەێگیرانەوەی قسەکانی مەریوانە، بۆیە ناچمە نیو شیکردنەوەی قسەکان. .

١. (لە کوردستان پێم ئەڵێن ئایەتولا) کاک مەریوان وای لیکئەداتەوە مەبەستی مام جلال نیشاندانی ی. ن. ک وەک بزوتنەوەیەکی شیعە. کاک مەریوان بۆچی وەک ئایەتەکەی (لاتقربوا صلاه) ئەکەیت و (وانتم سکرا) ئەپەرێنی. ئەم قسەی مام جلال تەنها وەک نمونەیەک هێنایەوە کە ئەوان تەقەبولی رەخنە ئەکەن، چەنەها قسە و کاریکاتیر لەسەر مام جلال دروست ئەکەن و ئەوان قبولّی ئەکەن.

٢. (ئیمە لەسەرکردایەتیدا سێ شیعەمان هەیە) مریوان وای لیکداوەتەوە مەبەستی مام جلال بەشیعەکردنی سلیمانیە، ئەم قسەیە لیکدانەوەی ناوێ، هەرتۆ خویندەوار نیت تا بەئارەزووی خۆت قسە بپەرێنی و زیادی کەیت، مام جلال ووتی لای ئیمە جیوازی شیعە و سونە نیە، هەرکەس بەپێی لێهاتوی خۆی ئەتوانێ سەرکردایەتی بکات، نمونەشی ئەو سەرکردانەی نیو ی. ن. ک بوو.

٣ (. مزگەوتی شیعەمان لەسلیمانی دروستکردوە:::) نازانم مریوان کوردی نازانێ یان نایەوێ قسە وەکو خۆی گوێ لێبگرێت : مام جلال ئەمیشی وەکو نمونەیەک هینایەوە بۆ نەبونی تەعەسوبی دینی لای ئیمە، ووتی لە هەندێ جیگای شیعە نشین ناهێشن مزگەوتی سونە هەبێت، بەلام سلیمانی کە سونەیە ئیمە مزگەوتی شیعەمان دروستکرد، کە ئەندازیارەکەشی کوردی سونیە : مریوان لەوە زیاتر ئەروات و قسە بەناوی سلیمانیەوە ئەکات و داوای وەلام لەمامە ئەکات، منیش دەلیم خەلکی سلیمانی خویندەوارن و جاک گوێیان لە قسەکانی مام جلال بوو، پیویست ناکات تۆ بەهەڵەوگیراوەیی بۆیان بنوسیتەوە.

### تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلاّم بەهۆی بروا بوونمان بە ئازاد دەربرینەوە، بلاّویدەکەینەوە..... لەگەلر ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣